ڕێبوار نەجمەدین یاریزانی یانەی برایەتی:

# هەتا لە کێشەی داراییدا بین ناتوانین خولەکان بەرەوپێش ببەین

**یانەی برایەتی هەموو ساڵێک لەگەڵ دەستپێکی خولەکانی کوردستان پشت بە کۆمەڵێک یاریزانی لاو دەبەستێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، ئەمساڵیش یانەی برایەتی هەمان بەرنامەی ساڵانی ڕابردووی جێبەجێ کرد، بەڵام ئەنجامەکانی تەنیا مانەوەبوو لەخولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش ئەم وەرزە توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات. یاریزانی لاوی یانەکە ڕێبوار نەجمەدین لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٢ شاری هەولێرەو قوتابی پەیمانگای وەرزشییەو، پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی ئارارات و هەولێر و هەندرێن یاریی کردووە، ئەمساڵیش هاتۆتە ریزی یانەی برایەتی، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی
فۆتۆ: ئومێد

***چۆن بوو ئەمسال هاتیتە ریزی یانەی برایەتی؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت، من کێشەم هەبوو لە یانەی هەندرێن، بۆیە ڕووم کردە یانەی برایەتی، ئێستاش زۆر ئاسوودەم لە یاریکردن لە ریزی یانەی برایەتی.

***بۆچی ئاستی یانەی برایەتی لەخولی کوردستان لەم وەرزە وەکو پێویست نەبوو ؟**

- ڕاستە ئاستی تیپەکەمان وەکو پێویست نەبوو، بەڵام لە ڕووی پێشکەشکردنی ئەدا زۆر باش بووین، لە یاریگاشدا لە جێبەجێکردنی گۆڵ گرفتمان هەبوو، دەتوانم بڵێم لە یارییەك ئەگەر خراپترین ئاست پێشکەش بکەی، بەڵام سەرکەوتن بەدەست بهێنی، ئەوا یانەیەکی باشی.

***ئاستی خولی کوردستانت لەم وەرزە چۆن بینی؟**

-دەتوانم بڵێم لە چاو ساڵان باش نەبوو، بەڵام هەموومان دەزانین کێشەی دارایی هەرێم وای کردووە کە قەناعەت بکەین بەم خولە و جێگیر بێ لە دڵمان، هیوادارم هەموو ساڵێك ئەم خولە گرنگەی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی خولی کوردستان بەرز ببێتەوە؟**

-لە خولی کوردستان کەموکوڕی دەبێ، بەتایبەتی لە ڕووی ناوبژیوانییەوە، یانەکان دەبێت کاری باشتر بکەن بۆ یاریزانەکانیان، هەتا ئێمە لە کێشەی داراییدا بین ناتوانین خولەکان بەرەو پێش ببەین، نەك هەر لە یاری تۆپی پێ، بگرە لە گشت یارییەکان، بۆیە هیوادارم تەنیا خولەکە بەردەوام بێت.

***گرفتی خولی کوردستان لە چیدا دەبینی؟**

-هەموو کات گرفت دەبێ، بەداخەوە لە ژمارەیەك لە هاندەران کاری ناشیاو دەبینین، بەتایبەتی لە یارییە دێربییەکان، زۆربەی یاریزانەکانی یانەکان لە شەوی پێش یارییەکە درەنگانی شەو دەچن بۆ ماڵەکانیان، ئەمەش دەبێتە گرفت بۆ یاریزانان و هەم بۆ یانەکانیش، ئەوەش گرفتێکە لە تیپەکان هەیە، جگە لەوەش گرێبەستی یاریزانان دەخورێ لەلایەن یانەکان و لە دوای تەواوبوونی خولەکان مووچە بۆ یاریزانان دابین ناکرێ، ئەوەش هەمووی گرفتن بۆ یاریزانەکان کە زۆر جار گوێبیستی دەبین.





***بەرنامـەت بۆ وەرزی نوێ لە خولی نایابی کوردستان چییە؟**

-بـەردەوام دەبـم لە مەشـقکردنی خۆم بۆ ئەوەی توانایـی جەسـتەییم دانەبەزێت و بـەردەوام بـم لـە پێشکەشکردنی ئاستی بەرز لە خولەکانی داهاتوو، هەنگاو بۆ ئـەوە دەهاوێم ئەنجامی شایسـتە لە خولی کوردستان بەدەست بهێنین.

***ئایا هیـچ گرێبەسـتێکت بـۆ یاریکـردن لە ریزی یانەکانی دیکەدا بۆهاتووە؟**

-بەڵـێ، لـە قۆناخـی یەکەمـی خولـی کوردسـتان بـۆم هـات لـە یانەیەکی بەشدار لـە خولی عێراقی، بەڵام بەهۆی خۆشەویستیم بـۆ خولـی کوردسـتان ئامـادە نەبـووم ریـزی یانەکەم جێ بهێڵم.

*** بە کام یاریزانی جیهانی و ناوخۆیی سەرسامیت؟**

- بـە هەریـەك لـە یاریزانـان رامۆس لە ئاسـتی جیهان و کاپتـن حەمـە خـان و هـەردی سیامەند لـە ئاسـتی کوردستان.

***هیواو ئاواتت لە ژیانی وەرزشیت چییە؟**

-بە هیوای ئەوەم هەنگاو بۆ خولی عێراق و هەڵبژاردەی عێراق بنێم و بتوانم باشـترین ئاسـت پێشـکەش بکەم، لە سـەرووی هەمووشـیانەوە خزمـەت بـە خولی کوردسـتان بکەم و بگەمە ریزی هەڵبژاردەی کوردستان.

***بـە چ راهێنەرێك زۆر سەرسـامی و حەز دەکەی لە ژێر سەرپەرشتی ئەو یاری بکەی؟**

-بـە هەریـەك لە راهێنـەران فاتیح حەمە خان و کاپتن رەوەند و محەمەد خۆشناو و مامۆستا قادر و عەبدوڵڵا مەحمود زۆر شـتیان لێ فێر بووم و ئێسـتاش لەگەڵ کاپتن فاتیح زۆر ئاسوودەم.

***چیت ماوە لە کۆتاییدا باسیبکەیت؟**

-زۆر سـوپاس بـۆ گـۆڤـاری گـوڵان کـە هەمیشـە لـە هەمـوو لایەکـی هەرێمـی کوردسـتان یاریزانـان بەسەردەکاتەوە و خزمەتیان دەکات پێشەنگن لە خزمەت بە رەوتی وەرزشـی لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاسی کاپتن حەمە خان دەکەم کە ماوەیەکی کەمە لەگەڵ ئەوم بەڵام زۆر شتی لێ فێربووم.

# یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ لە هەردوو کیشوەری ئەورووپا و ئاسیا

FIFA WORLD CUP
RUSSIA 2018

ئەڵمانیا و سویسرا هەنگاوی گەورە بۆ جامی جیهانی دەهاوێن و هۆڵەندە لە لێواری ماڵئاواییکردنە

لەم کیشوەرە هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و سویسرا هەنگاوێکی تر بۆ سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی دەهاوێن، کاتێك توانینان پێنجەم سەرکەوتن لەسەر یەکدی تۆمار بکەن و لە پێشەنگی کۆمەڵەی خۆیانن، ئەنجام و ریزبەندی کۆمەڵەکانی کیشوەری ئەورووپا بەمشێوەیە:

**● کۆمەڵەی یەکەم:**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی هۆڵەندا هەرەشەی سەرنەکەوتنی بۆ جامی جیهانی لێدەکرێت، دوای ئەوەی تووشی دۆڕانێکی لەناکاو هات بەرانبەر بولگاریا لە بەرانبەردا فەرەنسا و سوید و بولگاری لە رکابەری بەدەستهێنانی بلیتی ئەم کۆمەڵەیەن.

سوید – روسیای سپی ٤-٠
لۆکسمبۆرگ – فەرەنسا ١-٣
بولگاریا – هۆڵەندە ٢-٠

ریزبەندی کۆمەڵەی یەکەم بەمشێوەیە:

١- فەرەنسا ١٣ خاڵ
٢- سوید ١٠ خاڵ
٣- بولگاریا ٩ خاڵ
٤- هۆڵەندە ٧ خاڵ
٥- روسیای سپی ٢ خاڵ
٦- لۆکسمبۆرگ ١ خاڵ

**● کۆمەڵەی دووەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی سویسرا توانی پێنج سەرکەوتن لەسەر یەکدی تۆمار بکات و لە پێشەنگی کۆمەڵەکە دێت و هەڵبژاردەی پورتوگاڵ هەوڵی رکابەری سویسرییەکان دەکات، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە بوو:

سویسرا – لاتفیا ١-٠
ئەندۆرە – دوورگەکانی فاروو ٠-٠
پورتوگاڵ – هەنگاریا ٣-٠

ریزبەندی کۆمەڵەی دووەم

١- سویسرا ١٥ خاڵ
٢- پورتوگاڵ ١٢ خاڵ
٣- هەنگاریا ٧ خاڵ
٤- دوورگەکانی فاروو ٥ خاڵ
٥- لاتفیا ٣ خاڵ
٦- ئەندۆرا ١ خاڵ

**● کۆمەڵەی سێیەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا تەنیا هەنگاوێکی بچووکی ماوە بۆ سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٦ دوای ئەوەی توانی لە پێنج یاری سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، ئەنجامەکان بەمشێوەیە بوو:

ئازەربایجان – ئەڵمانیا ١-٤
سان مارینۆ – چیك ٠-٦
ئێرلەندی باکوور – نەرویج ٢-٠

ریزبەندی کۆمەڵەی سێیەم

١- ئەڵمانیا ١٥ خاڵ
٢- ئێرلەندی باکوور ١٠ خاڵ
٣- چیك ٨ خاڵ
٤- ئازەربایجان ٧ خاڵ
٥- نەرویج ٣ خاڵ
٦- سان مارینۆ سفر خاڵ

**● کۆمەڵەی چوارەم**

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی کۆماری ئێرلەندە و سربیا لە رکابەرییەکی بەهێزدان بۆ بەدەستهێنانی بلیتی راستەوخۆی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی، کاتێك لە پلەکانی یەکەم و دووەم دێن، ئەنجامی یارییەکان



**هەفتەی رابردوو لە هەر پێنچ کیشوەر یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ ئەنجامدرا، کە تیایدا چەندین ئەنجامی چاوەروانەکراو تیاییدا تۆمارکرا، لەم راپۆرتە تیشک دەخەینە سەر رکابەرییەکانی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا.**

راپۆرت: رێبین رەمزی

بەمشێوەیە بوو:

کۆماری ئێرلەندە — وێلز ٠-٠
نەمسا — مۆڵدۆڤیا ٢-٠
جۆرجیا — سربیا ١-٣

ریزبەندی کۆمەڵەی چوارەم بەمشێوەیە:

١- سربیا ١١ خاڵ
٢- کۆماری ئێرلەندە ١١ خاڵ
٣- وێلز ٧ خاڵ
٤- نەمسا ٧ خاڵ
٥- جۆرجیا ٢ خاڵ
٦- مۆڵدۆڤیا ١ خاڵ

## کۆمەڵەی پێنجەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی پۆڵەندە هەنگاوێکی گەورەی بۆ سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی هاوێشتووە و بە جیاوازی شەش خاڵ لە پێشەنگی کۆمەڵەکە دێت لەگەڵ نزیکترین رکابەری، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە:

ئەرمینیا — کازخستان ٢-٠
رۆمانیا — دانیمارك ٠-٠
مۆنتینێگرۆ — پۆڵەندە ١-٢

ریزبەندی کۆمەڵەی پێنجەم بەمشێوەیە:

١- پۆڵەندە ١٣ خاڵ
٢- دانیمارك ٧ خاڵ
٣- مۆنتینێگرۆ ٧ خاڵ
٤- رۆمانیا ٦ خاڵ
٥- ئەرمینیا ٦ خاڵ
٦- کازاخستان ٢ خاڵ



● **کۆمەڵی شەشەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە هەر لە پێشەنگی کۆمەڵەکە دێت بە جیاوازی چوار خاڵ لەگەڵ سلۆڤاکیا رکابەری، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە بوو:

ئوسکتلەندا — سلۆڤینیا ١-٠

ماڵتا — سلۆڤاکیا ١-٣

ئینگلتەرە — لیتوانیا ٢-٠

ریزبەندی کۆمەڵی شەشەم بەمشێوەیە:

١- ئینگلتەرە ١٣ خاڵ

٢- سلۆڤاکیا ٩ خاڵ

٣- سلۆڤینیا ٨ خاڵ

٤- ئوسکتلەندا ٧ خاڵ

٥- لیتوانیا ٥ خاڵ

٦- ماڵتا سفر خاڵ

● **کۆمەڵی حەفتەم**

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و ئیسپانیا لە رکابەرییەکی بەهێزدان بۆ بردنەوەی تاکە بلیتی ئەم کۆمەڵەیە، کاتێک هەردووکیان بە ١٣ خاڵ لە پێشەنگی کۆمەڵی خۆیان دێن، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە بوو:

ئیتاڵیا — ئەلبانیا ٢-٠

لیشتنشتاین — مەقدۆنیا ٠-٣

ئیسپانیا — ئیسرائیل ٤-١

ریزبەندی کۆمەڵی حەفتەم

١- ئیسپانیا ١٣ خاڵ

٢- ئیتاڵیا ١٣ خاڵ

٣- ئیسرائیل ٩ خاڵ

٤- ئەلبانیا ٦ خاڵ

٥- مەقدۆنیا ٣ خاڵ

٦- لیشتنشتاین سفر خاڵ

● **کۆمەڵی هەشتەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی بەلژیکا لە پێشەنگی کۆمەڵەکەی دێت بە جیاوازی دوو خاڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی یۆنان، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە بوو:

بەلژیکا — یۆنان ١-١

قوبرص — ئەستۆنیا ٠-٠

بۆسنە و هێرسک — جبل طارق ٥-٠

ریزبەندی کۆمەڵی هەشتەم بەمشێوەیە:

١- بەلژیکا ١٣ خاڵ

٢- یۆنان ١١ خاڵ

٣- بۆسنە و هێرسک ١٠ خاڵ

٤- قوبرص ٤ خاڵ

٥- ئەستۆنیا ٤ خاڵ

٦- جبل طارق سفر خاڵ

● **کۆمەڵی نۆیەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی کرواتیا لە پێشەنگ دێت و بە جیاوازی ٣ خاڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسلەندی رکابەری، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە بوو:

کۆسۆڤۆ — ئیسلەندە ١-٢

کرواتیا — ئۆکرانیا ١-٠

تورکیا — فنلەندا ٢-٠

ریزبەندی کۆمەڵی نۆیەم بەمشێوەیە:

١- کرواتیا ١٣ خاڵ

٢- ئیسلەندە ١٠ خاڵ

٣- ئۆکرانیا ٨ خاڵ

٤- تورکیا ٨ خاڵ

٥- فنلەندا ١ خاڵ

٦- کۆسۆڤۆ ١ خاڵ



## لە کیشوەری ئاسیا شەش هەڵبژاردە رکابەری لەسەر چوار بلیتی سەرکەوتن دەکەن، عێراق ماڵئاوایی کرد

لە کیشوەری ئاسیا لە هەردوو کۆمەڵەی یارییەکانی پاڵاوتن شەش هەڵبژاردە رکابەری لەسەر بەدەستهێنانی چوار بلیت دەکەن و تەنیا سێ یاری ماوە، کە رەنگە هاوکێشەی ریزبەندی کۆمەڵەکان گۆرانکاریی بەسەردا بێت.

**● کۆمەڵەی یەکەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئێران تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ مسۆگەر کردووە، کاتێك توانی شەش خاڵی گرنگ بە دەستبهێنێت لە بەرانبەردا هەردوو هەڵبژاردەی کۆریای باشوور و ئۆزباکستان رکابەری لەسەر بلیتی دووەمی کۆمەڵەکە دەکەن، هەڵبژاردەی سوریاش تەنیا هیوای پلەی سێیەمی کۆمەڵەکەی ماوە بۆ ئەوەی بتوانێت یاری پاشکۆ بکات و بەفەرمی هەردوو هەڵبژاردەی چین و قەتەر ماڵئاوایی لە رکابەرییەکان کرد و بەدەستبەتاڵی گەرانەوە، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە بوو:

قەتەر — ئێران ٠-١

سوریا — ئۆزباکستان ١-٠

چین — کۆریای باشوور ١-٠

ئێران — چین ١-٠

ئۆزباکستان — قەتەر ١-٠

کۆریای باشوور — سوریا ١-٠

ریزبەندی کۆمەڵەی یەکەم بەمشێوەیە:

١- ئێران ١٧ خاڵ

٢- کۆریای باشوور ١٣ خاڵ

٣- ئۆزباکستان ١٢ خاڵ

٤- سوریا ٨ خاڵ

٥- چین ٥ خاڵ

٦- قەتەر ٤ خاڵ

**● کۆمەڵەی دووەم**

لەم کۆمەڵەیە هەر سێ هەڵبژاردەی ژاپۆن و سعودیە و ئوستراڵیا رکابەرییەکی بەهێز بۆ بەدەستهێنانی دوو بلیتی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی دەکەن دوای ئەوەی توانیان سەرکەوتنی یەکجار گرنگ لە یارییەکان بەدەستبهێنن، لە بەرانبەردا هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و تایلاند ماڵئاواییان لە رکابەرییەکان کرد و ئیمارات هیوایەکی بچووکی بۆ یارییەکانی پاشکۆ ماوە، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە بوو:

عێراق — ئوستراڵیا ١-١

ئیمارات — ژاپۆن ٠-٢

تایلاند — سعودیە ٠-٣

سعودیە — عێراق ١-٠

ئوستراڵیا — ئیمارات ٢-٠

ژاپۆن — تایلاند ٤-٠

ریزبەندی کۆمەڵەی دووەم بەمشێوەیە:

١- ژاپۆن ١٦ خاڵ

٢- سعودیە ١٦ خاڵ

٣- ئوستراڵیا ١٣ خاڵ

٤- ئیمارات ٩ خاڵ

٥- عێراق ٤ خاڵ

٦- تایلاند ١ خاڵ

جێگەی باسە لە هەردوو کۆمەڵە تەنیا سێ یاری ماوە هەر چوار هەڵبژاردەی سەرکەوتوو بۆ جامی جیهانی ئاشکرا دەبێت.



## ئەفرۆدێت چاوەڕوانی خولی کوردستان دەکات

لەگەڵ ئەوەی ستافی راهێنەران و زۆربەی یاریزانانی تیپی فوتساڵی کچانی یانەی ئەفرۆدێت ریزی یانەکەیان جێهێشت بەر لە دەستپێکی خولی فوتساڵی یانەکانی عێراق کە بڕیارە لە شاری دهۆك بەڕێوەبچێت، بەڵام کارگێڕی یانەی ئافرۆدێتی تایبەت بە یارییەکانی ئافرەتان بڕیاری بەشداریکردنیان داو تیپێکی خێرایان بۆ بەشداریکردن لە خولی عێراق دامەزراندووە و پلەی چوارەمی خولەکەیان دەستەبەرکرد، ئێستاش تیپەکە لەل هەوڵی خۆبەهێزکردندایەو دەیانەوێ ئەنجامی شایستە لە خولەکانی داهاتوو دەستەبەر بکەن، لەم بارەشەوە کاروان شێخ زیرەك راهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی ئەفرۆدێت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من وەکو راهێنەر بۆ ماوەی دوو هەفتە ئەم تیپەم دروستکردووە، چونکە پێشووتر سەرجەم یاریزانەکان تیپەکەیان جێهیشتووە، تەنیا سێ یاریزان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان بەم یاریزانە تازانە کێبڕکێ لەگەڵ یانەکانی تری بەشدار لە خولی عێراقی بکەین و پلەی چوارەممان بەدەست هێنا بەم خێراییە، بۆیە ئومێدمان ئەوەیە ئەگەر خولی کوردستان ئەنجام بدرێت، ئێمە دەتوانین ئەنجامی شایستە لە خولی کوردستان دەستبەر بکەین.»



## یانەی خاک ئامادەکاری دەکات

بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە تیپی تۆپی پێی یانەکەیان کارگێڕی یانەی خاك ئەم وەرزە گرنگییەکی زیاتری بە تیپی تۆپی پێی یانەکەی داوە بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ بکەن لە وەرزی نوێی خولی پلەیەکی کوردستان و بتوانن تیپێکی تۆکمە دروست بکەن و ئەنجامی پێویست و سەرکەوتن بۆ خولی نایاب مسۆگەر بکەن، لە ئێستاشدا تیپەکە سەرقاڵی ئامادەکارییەکی چڕە بۆ دەستپێکی وادەی خولەکە، لەم بارەشەوە عەبدوڵڵا سلێمان سکرتێری یانەی وەرزشیی خاك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکی زۆر باشمان کردووەو ئێستا سەرقالی ئەنجامدانی یارییەکانین لە خولی یانەکانی کەرکووك کە تا رادەیەکی باش گەیشتووینەتە قۆناخی کۆتایی خول و ئامادەکاری دەکەین بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، ماوەی زیاتر لە دوو مانگیشە دەستمان بە ئامادەکاری کردووەو ئەمساڵیش دەمانەوێ ئامانجەکەمان بپێکین و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین، یاریزانەکانیش بە رۆحییەتێکی زۆر بەرزەوە مەشقەکانیان ئەنجام دەدەن لەگەڵ ستافی راهێنەران، هەمووشمان یەك ئامانجمان هەیە، ئەویش بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە لە وەرزی نوێی خولی کوردستان، زیاتریش پشتمان بە توانای یاریزانانی شاری کەرکووك بەستووە.» لەبارەی گرفتی تیپەکەش گوتی: «هەموو تیپەکان گرفتی داراییان هەیە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە، بۆیە ئێمەش هەموو هەوڵێك دەدەین بەسەر ئاستەنگەکانماندا سەرکەوین.»



# ئەم هەفتەیە پاڵەوانیەتی فوتساڵی کچان و کوڕان بەڕێوەدەچێت

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چالاکیی وەرزش و هونەر وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەئامانجی زیاتر گرنگیدان بە قوتابییانی وەرزشکار لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشبردنی وانەی وەرزشی لە قوتابخانەکان، وا بڕیارە لە٦ی ئەم مانگە پاڵەوانیەتی فوتساڵی کوڕان و کچان لە شاری دهۆك ئەنجام بدات.

ژمارەیەك لە بەڕێوبەرانی چالاکیی وەرزش و دیدەوانی هەریەك لە پەروەردە گشتییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکووك، گەرمیان، هەڵەبجە)و پەروەردەی قەزاکان کۆبوونەوەیەکی گرنگیان لەسەر دەستپێکی وادەی پاڵەوانیەتییەکە ئەنجام داو،مامۆستا بەکر کەریم بەڕێوەبەری گشتیی چالاکیی وەرزشی و هونەر لەو بارەیەوە بۆ گوڵان گوتی: «وانەی وەرزش لە قوتابخانەکان و ئەنجامدانی چالاکیی وەرزشی لە ناوەندەکانی خوێندن پێویستییەکی گرنگن بۆ زیاتر خزمەتکردنی سەرجەم قوتابییان لە قوتابخانەکانی شارەکانی کوردستان، گوتیشی: «قەیرانی دارایی ڕێگرییەکی زۆری لەسەر ئاستی وەرزشی دروستکردووە کە وەکو پێویست نەتوانراوە چالاکیی وەرزشی و هونەری جۆراوجۆر ئەنجام بدەین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، جگە لەوەش لە هەوڵی ئەوەدان بەشە وانەی وەرزشی لە قوتابخانەکان زیاتر بکرێت، بۆ ئەوەی قوتابییان بتوانن زیاتر لەگەڵ ئەم وانەیە ئاشنا بن، دواتریش بڕیار درا کەوا لە ڕۆژانی ٦-٤ ئەم مانگە کە دەکاتە پێنجشەممەی داهاتوو لە شاری دهۆك بە بەشداری هەر ( ٢) پەروەردەی قەزا لەسەر ئاستی هەر پەروەردەیەکی گشتی بەشداریی کێبڕکێیەکانی پاڵەوانێتی فوتساڵ لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان بکەن و ماوەی دە ڕۆژ بخایەنێ، دەستپێکی پاڵەوانیەتییەکەش بە ئاستی کوڕانی پەروەردەی قەزاکان دەست پێدەکات و ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێت، جێگای ئاماژە پێکردنە ئەمە یەکەم چالاکیی وەرزشییە کە لە ساڵی نوێ ئەنجام دەدرێت.»